# نەرجسیەت و گوتاری دینی

**عەبدلا ڕێشاوی**
(**زانکۆی ئیسلامی بەغدا**)

پێشدەم گرنگە ئەوەرونکەمەوە کە گەرچیمن لەم نوسینەدا( وروژان)ی دینی دەخەمەژێر پرسیار ،بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا بەتوندی( وروژاندن)ی دینیش تاوانباردەکەم،وەك ئەوەی کەڕۆژنامە دانیمارکیەکە دەرهەق بەپەیرەوانی ئیسلام ئەنجامیدا.یان وەك ئەوەی کاك مەریوان هەڵەبجەیی لەهەندێ شوێنی کتێبەکەیدا بێ پاساووبەئەنقەست هەندێ دەستەواژە بەکاردێنێت ،کەجگە لەوروژاندنی دینی هیچ وەزیفەیەکی دیکەیان نیە وەك لەپەراوێزیل5یکتێبەکەیدالەگێرانەوەیەکدا بەئەنقەست ئەمکارەدەکات!،چونکە ئەگەر وروژانی دینی نەرجسیەتبێت، ئەواخراپتر لەمە، وروژاندنی دینیە، کە دەلیلە لەسەرشەڕەنگێزی . وروژانی دینی بەمشێوەیەی ئەمرۆ یتەعبیرلەنەرجسیەتێکی کوشەندەدەکات کەچ گوتارو چ مرۆڤی برواداریشی تێکەوتوە،هەڵبەت ریشەو مۆتیڤەکانی ئەم نەرجسیەتەش رێك بۆناو ئەو قەداسەتە دەگەرێتەوە کەبەهەردینێکەوە پێچراوەو شی کردنەوەشی دەرفەتێکی بەربلأوتری دەوێت کەناکرێ لێرەدا بەدوای دابچین .

ئێمەدەتوانین نەرجسیەتی گوتاری دینی لەدودیاردەی زیندوی کۆمەڵگەی کوردیەوە ببینین ،ئەوانیش دۆزەکانی کەمالی سەیدقادرو سوکایەتیەکانی رۆژنامە دانیمارکیەکەیە بەپێغەمبەری ئیسلام د.خ.

دیارەهەرگیزئەومافەلەموسوڵمانان ناسەنرێتەوە کەلەرێگە مەدەنی ودیموکراتیەکانەوە نارەزایەتی خۆیان بەرامبەرئەوناحەقیانەدەربڕن کەرۆژنامەدانیمارکیەکەبەپەیامبەرمحمد.د.خ.کردی،ئەوەمافێکی رەوای ئەوانە، بەرخوردی جیهانی ئیسلامیش تائێستەلەگەڵ ئەودیاردەیە دیموکراتیانەبوە، بەلأم ناتوانین چاوپۆشی لەوپرسیارەپرۆتستانتیەش بکەین کەدەپرسێ(داخۆگوتاری دینی بۆلەئاست دۆزێکی ئینسانی وەك ئەوەی کەمالی سەید قادرداوچەندین دۆزی تریئەم کۆمەڵگایەو کۆمەڵگاعەرەبیەکانیشدا، بێدەنگە وبەڵکو هەردۆزێکی فەرامۆشکراویشە لەلای،بەلام بۆدۆزێکی تری وەك ئەوەی رۆژنامە دانیمارکیەکەو ئەوەی مەریوان هەڵەبجەیی ئاوا بەدەنگ ونەسرەوتە؟!)ئەمە لەکاتێکدا (دین)خۆی لەئایدیاکانیدا سوپەری دیفاعەلەچەوساوەکان و لەمپەری بەردەم ستەم وزۆرداری بوە،موحەمەدیش هەمیشە ئەخلاقی وابوە کەلەمافە شەخسیەکانی خۆی چاوی پۆشیوە، بەلأم لەمافەئینسانیەکانی ئەوانی دی بێدەنگ نەبوە،کەچی ئێستاگوتاریموحومەدتەواونەرجسیانە دیفاع لەخۆی دەکات و چارەنوسی ئەوانی تریشی بۆدادگاگوناهبارەکان بەجێهێشتوە!...ئەم پرسیارە کەدەرخەری یەکێك لە موفارەقەکانی ناوجیهانی ئیسلامە،لەیەکاتدا هەم پرسیارێکی پرۆتستانتی وهەم پرسیارێکی زانستی و هەم ئاگادارکردنەوەیەکی دینیشە...پرۆتستانتیە لەوێوە کە پرسیارێکە داوای ریفۆرمێکی ناوەکی دەکات لەناوگوتاری دینی ودەزگاکانی فەرمانڕەوا بەسەر ئەم گوتارەوە،ریفۆرمێك کە بۆگەشتنەوە بەرۆحی شۆرەسوارانەی راستەقینەی دین، دەزگاو گوتارەسیاسی وبەرژەوەندخوازە کەڵەکەکراوەکانی سەرئەم قیمەتە ئیلاهیە نابوت دەکات.

زانستیشە چونکە پێویستە زانستیانە شیتەڵی ئەوەبکرێت کەچۆن چۆنی وەك چارەنوسێکی سروشتی وحەتمی گوتاری دین و مرۆڤی باوەڕدار توشی نەرجسیەت دەبێت ۆچۆنیش دەکرێ لێی دەربازببێ،نەرجسیەتێك کەجگە لەخۆی هەموشتێکی ترفەرامۆش ئەکات وبەهەربەرکەوتنێك ،خێراو خراپ،دەوروژێت،هەروەك ئەوەی لەهیندستان بەسەدەها مرۆڤ بونەقوربانی تەنها شائیعەیەك کەهەستی دینی موسوڵمان وهیندۆسەکانی تیاوروژێنرابوو .

دواجارئەمپرسیارەنەزیرێکی دینیشە چونکە هەربەدابەشکردنێکی دینی،نەرجسیەت،خۆپەرستیەو گوناهێکەوپێویستە مرۆڤ خۆی لێپاکبکاتەوە.بۆیە قسەکردن لەسەرنەرجسیەتی دینی وەزیفەیەکی سێلایەنەی زانستیو دینی وریفۆرم خوازە،چونکە ئەو هەڕشەیەی ئەمرۆلەسەردینێکی وەك ئیسلامە لەناوەوەیە نەك لەدەرێ، ئەوانەشی ماڵی دین وێران دەکەن پیاوەکانی دینن نەك دوژمنەکانی،هەڕەشەی مەرگی ئیسلام ئەمرۆلەوێدانیە کە نوسەرێك رەتی دەکاتەوە یارەخنەی لێدەگرێت یاتەشهیری پێدەکات،ئاماژەی مەرگی ئەو ئەمرۆلەبێدەنگبونیایەتی لە بەرامبەرستەم ،مەستبونیەتی بەسیاسەت وبەرژەوەندی.قاڵبونیەتی

بەنەرجسیەت وخۆپەرسیتی ،هەرەشەی مەرگی ئیسلام ئەمرۆ ڕێکنەکەوتن ودیالۆکی بوێرانەی نێوان عەقلۆ ئاین نیە بەڵکو هەڕەشەی مەرگی ئەو ڕێکەوتنی ترسنۆکانەی نێوان عەمامەو جەللادە.

چۆن جەلادەکان دلخۆش وپڕکەیف نابن کە عەمامەکان وپیاوەکانی ئاین لەبەرامبەر هەرنوسینێك کەلەدژی ئەوان یائاین بنوسرێت،لەباتی قەڵەمەکانی خۆیان پەنا بۆدەسەلاَتەرەشەکەی ئەمان دەبەن،لەکاتێکدا دەبوو ئەوان لەدژی جەلاد پەنایان بۆلای نوسین بردبا!من تێناگەم بەپێوەرەکانی دین کێ تاوانبارترە،جەللاد، یانوسەر؟!شەلاق،یا وشە ؟!دیارە هەوای خرۆشاوی نەرجسیەت دەستکاری هەموئەم پێوەرانەش دەکات وئەوکاتەی مرۆڤیبروادار جەللادفەرامۆش دەکات وشەڕلەگەڵ نوسەردەکات،لەمساتەدا ئەوەنەرجسیەتە مۆتیڤە نەك دین.

یەك لەئاکامەخراپەکانی نەرجسیەت کەبەسەردیندا دەیهێنێت ، ونکردنی وەزیفەیە, ونبونی وەزیفە بەچەشنێك کەوەزیفەی شۆرشگێڕانەی ئەمگوتارە لە دیفاع کردن لە مەزلوم و هەراو هۆریادروستکردن لەسەرزاڵم، دەگۆرێت بەگوتارێکی بەرژەوەندخوازی بێدەنگ بوو لەئاستی زاڵم و فەرامۆشکەری مەزلو مو تائەوپەری بەرگری کەریش لەخود ..ئالەم ساتەشدا ئیدی گوتاری دین گوتاری دەزگاکانیەتی نەك خۆی.قسەکردن وبەراوردی منیش لەنێوان بێدەنگی پیاوانی ئاینی و خەڵکی موسوڵمانی ئێمە لەدۆزەکەی کەمالی سەیدقادرو بەدەنگ هاتنیان لەدۆزی وێنەکاریکاتۆریەکانی رۆژنامەدانیمارکیەکەداوبۆکتێبەکەی مەریوان، هەرلێرەوەدێت کە ئەوان وەزیفەی دینیان ونکردوە،دین بوت نیە بەرگری لێبکەیت وبۆی بگریت،دین ویژدانێکی شۆرەسواری بەرگریکارە لەمەزلومین.

نمونەی گوتاریدەزگای دینی ئەمرۆ رێك نمونەی ئەوبتەیەکە لەحەوشەی مەککەوەئەوکات تەماشای ستەم وزۆرداری دەکردوبێدەنگ بوو تەماشای کۆیلەکردن وگەورەبەبچوك و قرکردنی کچانی دەکردو بێدەنگ بوو ،بەوهەموستەمەی سەرئەوانی دی نەدەوروژا بەلاَم بەیەك هێرش بۆسەرخۆی رادەچڵەکی و بەجاریَ یەك سوپا لە سەرمایەدارو سیاسیو کاهین و ئەشراف ئەکەوتنەبەرگری کردن،

چونکە دواجارقزعەی هەمو ئەمانە لەو دەزگابێدەنگەوەدەهات کەحەشاماتیَ لەمرۆڤی جاهیل پاڵیان پێوەدەنا.نوخبەیەکیش لەمرۆڤی ئەرستۆکرات لێیان دەخوارد.

تادواجارمحەمەد.د.خ.لەسەرئەومرۆڤانەی هۆشیارکردەوەو ئەودەزگایەشی لەبەریەك هەڵوەشاند.

ئەوەیش ئەوکردی جگە لەهەڵتەکاندنی چەقبەستنو بۆگەنکردنی دین ودەزگاکانی پێش خۆی هیچی ترنەبوو .

بۆیە تاکە زامنی پاراستنی دین لەخەوشو خاڵەکانی زەمین وگۆرانە حەتمیە کانی مێژوو، ریفۆرمی بەردەوام وشۆرشی پرۆتستانتی وجورئەتی زانستیانەیە بۆشیتەڵکردنی هەناوی ئەم قیمەتە ئلاهیە.